## نەخۆشییەکان و بوونەوەری بچووکی میکرۆسکۆپی

دووهەمین دوژمنی مەزن و گەورەی مرۆڤ دوای برسێیەتی ئالوودە بوون بە میکرۆب و تووش بوون بە نەخۆشییەکان بوون. لەو سەردەمەدا تاجر و ماملەچی و زیارەتکەران بە هات و چۆی خۆیان گوند و شارەکانیان لێك نیزیك كردبۆوە كە لە لایەکەوە ببووە هۆی کۆڵەکەیەکی قایم بۆ پێکهاتنی شارستانیەت، بەڵام لە لایەکیترەوە ببووە سەرچاوەیەکی باش بۆ گۆڕینەوەی میکرۆبی نەخۆشییەکان و بڵاوکردنەوەیان لە ناوچەکاندا. مرۆڤی ئاتێنی کەوەن لە یونان یا مرۆڤی فلۆرێنسی ئیتالیای سەدەی ناوەڕاست هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە حەوتوویەك یا مانگێکیتر نەخۆش کەون و بمرن، یا لەپڕێکدا نەخۆشییەکیماڵوێرانکەریان لێ پەیدا بێ و بە جارێك ئەندامانی بنەماڵەیەك یا زۆربەی مرۆڤی کۆمەڵگاکە توونا بکا.

ناودارترین کارەساتی لەو چەشنە بە هۆی باکتری تاعوون کە ناوی مەرگی ڕەشیان لەسەر دانابوو، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٣٣٠ و لە ناوچەی ڕۆژهەڵات یا ناوەڕاستی ئاسیاوە بەهۆی پێوەدانی کێچ و ئەسپێ لەسەر پێستی مرۆڤ دەستی پێکرد. لەوێوە بە گورجییەکی سەرسووڕهێنەر وەك ئەڕتەشێك لە جرجەمشك و ئەسپێ، خۆیان بەسەر هەموو قوڕنەی ئاسیا، ئورووپا و باکووری ئەفریقادا بڵاو کردەوە و لە ماوەی کەمتر لە بیست ساڵدا خۆیان گەیاندە ناوچەکانی ئاتلانتیکیش. بە گشتی نیزیکەی ٧٥ تا ٢٠٠ ملیۆن مرۆڤ بوونە قوربانی ئەو کارەساتە. لە وڵاتی ئینگلیز لە دە کەس چواریان بوونە قوربانی و ژمارەی حەشیمەتەکەی کە لەو سەردەمەدا ٣،٧ ملیۆن کەس بوو، تەنیا ٢،٢ ملیۆن گیانیان ڕزگار بوو. لە شاری فلۆرێنس نیوەی حەشیمەتەکەی قوربانی ئەو نەخۆشییە بوون.[٦]

---

[٦] Robert S. Lopez, *The Birth of Europe*, London 1967, S. 395.



مرۆڤی سەدەی ناوەڕاست نەخۆشیی تاعوون یاخود مەرگی ڕەشیان وەك جندۆكە و دێو و درینج سەیر دەكرد

بەڕێوەبەرانی دەوڵەتیی لەهەنبەر ئەو كارەساتە هیچ كارێكیان لە دەست نەدەهات و تەنیا چالاكییان ئەوە بوو خەڵكییان بۆ دۆعاكردن لەدەوری یەكتر لە كلیسا و زیارەتگاكان كۆ دەكردەوە. هیچ زانیارییەكیان نەبوو كە چلۆن پێش بە نەخۆشیی تاعوون بگرن یاخود بەربەرەكانی لە هەنبەردا بكەن. تا دەسپێكی سەردەمی نوێش مرۆڤ بۆ كارەساتی ئەوتۆ بە جێی باكتری و ویرووسەكان، ئاڵوودەبوونی كەش و هەوا، ئەرواحی شەیتانی یاخود تووڕە بوونی خوداكانیان بە بەرپرس بۆ ئەو كارانە دادەنا. زۆرینەی مرۆڤ باوەڕیان بە جندۆكە، فریشتە و دێو و درنج بوو بەڵام نەیاندەتوانی وێنای بكەن بوونەوەرێكی بچووك كە بە چاو نابینرێ بتوانێ مەترسی بۆ مرۆڤ پێك بێنێ و كۆمەڵگاكەی بخاتە ژێر مەترسییەوە.



هەڵەكاری ڕاستەقینە باكترییەكی بچووك بوو بە ناوی "Yersinia pestis"

نەخۆشیی تاعوون ڕووداوێکی تاقانە یا ناخۆشترین کارەساتێکی مێژوویی نییە. ئەمریکا، ئوسترالیا و دوڕگەکانی پاسیفیك (زەریای ئارام) دوای گەییشتنی یەکەم مرۆڤی ئورووپایی بەو ناوچانە کارەساتی زۆر خراپتر لە نەخۆشیی تاعونیان بەسەردا باری. بە بێ ئەوەی خۆیان ئاگادار بن مرۆڤی پشکێنەر میکرۆب و باکتریی نەخۆشی ئەوتۆیان لەگەڵ خۆیان بۆ ئەو ناوچانە بە دیاری هینا کە سیستەمی لەشیی ئەو مرۆڤانە هیچ پارێزگارییەکی لەهەنبەر ئەو نەخۆشییانەدا نەدەناسی. ئەزموونەکەی بووە هۆی تووناکردنی نیزیکەی ٩٠ لە سەدی مرۆڤی ئەو ناوچانە.[٧]

ڕۆژی ٥ ی مارسی ساڵی ١٥٢٠ ناوگانێکی بچووکی سپانیایی دوڕگەی کوبای بەرەو وڵاتی مێکزیك بەجێ هێشت. لەسەر ئەو کشتییانە لە پەنا چەندین ئەسپ، چەکەمەنی و چەند کۆیلەیەکی ئەفریقایی، ٩٠٠ سەربازی سپانیایی بەڕێوە بوون. یەك لەو کۆیلانە بە ناوی فرانسیسکۆ د ئەگویا "Francisco de Eguía" نەخۆشییەکی گەلێك ماڵوێرانکەری لە لەشی دابوو. دیارە ئەو خۆی ئاگادار نەبوو بەڵام لە یەك لە خانەکانی بیۆلۆژیکیی لەشیدا بۆمبێکی مەترسیداری کاتیی لە حاڵی لێداندا بوو: **"ویرووسی تاوڵە"**.

کاتێ فرانسیسکۆ د ئەگویا لە سەر خاکی مێکزیك دابەزی، ویرووسی ناو لەشی بە گورجییەکی گەلێك زۆر پەرەی سەند و تەواوی پێستی لەشی داگرت و پلەی گەرمای هەڵامەتی لەشی چووە سەرەوە. بۆ پشوودان و ئیستراحەت لە شاری کمپۆوالان "Cempoallan" فرانسیسکۆیان بردە ناو ماڵی بنەماڵەیەکی ئەو شارە. لەوێ ئەندامانی بنەماڵەکە ئەو نەخۆشییەیان لێ گرتووە و لەوانیشەوە دەر و جیران و هەروەها مرۆڤی شارەکەش تووشی ئەو ویرووسە بوون. لە ماوەیەکی کەمتر لە دە ڕۆژدا شارەکە بوو بە قەبرستانێك. ئەو مرۆڤانەی لە ترسی سڵامەتی خۆیان لەو شارە هەڵاتبوون، نەخۆشییەکەیان لەگەڵ خۆیان بۆ شار و گوندەکانی دەوروبەریان گوازتەوە. لە ماوەیەکی کەمدا تەواوی وڵاتی میکزیك و تەنانەت دەور و بەری ئەو وڵاتەش تووشی ئەو نەخۆشییە هاتن.

مرۆڤی "مایا"ی دوڕگەی یوکاتان "Yucatán" دڵنیا بوون کە سێ خودای تووڕە واتە "Ekpetz"، "Uzannkak" و "Sojakak" شەوانە گوند بە گوند و شار بە شار لە ڕێدا بوون و مرۆڤیان تووشی ئەو نەخۆشییە کردووە. ئازتێکەکان "Die Azteken" لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە خوداکانی وەك "Tezcatlipoca" و "Xipe Totec" یاخود جادووی ڕەشی سپی پێستەکان بەرپرس بۆ ئەو کارەساتەن. مرۆڤی رۆحانی و پیرۆز خەڵکییان بۆ دۆعاکردن و پاڕانەوە و سەدەقە دان بانگێشتن دەکرد. حەکیم و پزیشکەکانی ئەو

[٧] Alfred W. Crosby, *The Columbian Exchange: Biological and Cultural Consequences of 1492*, Westport, CT ١٩٧٢; William H. McNeill, *Seuchen machen Geschichte. Geißeln der Völker*, München ١٩٧٨.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

سەردەمەش نەخۆشەكانیان هاندەدا حەمامی ئاوی سارد بگرن، لەشیان بە گڵی زەوی داماڵن و قالۆنچەی ڕەشی هەل و پەل كراو لەسەر برینەكانیان دانێن. بەڵام هیچكام لەو كارانە یارمەتیی مرۆڤە نەخۆشەكانیان نەكرد. بە دەیان هەزار لاشەی مردوو لەسەر شەقام و كووچەكان كەوتبوون، چونكە لە ترسانە كەس نەیدەتوانی دەستیان لێ بدەن یاخود لە گۆڕیان نێن. بە پێتوونی بنە ماڵەكان لە ماوەیەكی كورتدا لە ناو دەچوون و توونا دەكران. بەرپرسانی وڵاتەكە پێشنیاریان دەكرد كە خانووبەرەكان بەسەر مردووەكاندا بڕوخێنن و بە كۆمەڵ لەژێر گڵیان بنێن. لە زۆربەی ناوچەكان زیاتر لە نیوەی دانیشتوان گیانی خۆیان لە دەست دا.

مانگی سپتامبری ساڵی ١٥٢٠ نەخۆشییەكە هەموو وڵاتی میكزیكی گرتەوە و مانگی ئوكتوبر خۆی گەیاندە پێتەختی ئازتێكەكان واتە شاری "Tenochtitlan" كە لەو سەردەمەدا نیزیكەی ٢٥٠ هەزار كەسی تێدا دەژیا. لە ماوەی تەنیا دوو مانگدا یەك لە سێی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە گیانیان لە دەست دا. تەنانەت حاكمی ئەو سەردەمەی شارە كەش بە ناوی "Cuitláhuac" بووە قوربانی ئەو نەخۆشییە. ئەو دەمەی ناودانە سپانیاییەكە لە پەنا وڵاتی مێكزیك لەنگەریان خست، ژمارەی دانیشتوانی وڵاتەكە بە پێتوونی نیزیكەی ٢٢ ملیۆن كەس بوون. لە مانگی دیسامبردا تەنیا ١٤ ملیۆن كەسیان لێ مایەوە. بەڵام ئەو نەخۆشییە تەنیا و یەكەم هەنگاو و شاڵاوی نەخۆشییەكان نەبوون. دوای داگیركردنی ئەو وڵاتە لە لایەن سپانیایەكانەوە سەرەڕای شەڕ و پیاو كووژیی، نەخۆشییەكانیتر وەك ئانفولانزا، سورێژە و هتد. كارێكی وایان كرد كە تا ساڵی ١٥٨٠ تەنیا ٢ ملیۆن كەس لەو وڵاتە مانەوە.[٨]

دوو سەد ساڵ دواتر ڕۆژی ١٨ ژانویەی ساڵی ١٧٧٨ پشكێنەری بریتانیایی جیمز كۆك "James Cook" دوڕگەكانی هاوایی "Hawaii" دۆزییەوە. لەو دوڕگانە حەشیمەتێكی زۆری تێدا كۆ ببوونەوە و نیزیكەی نیو ملیۆن كەس بە بێ هیچ پەیوەندییەك لەگەڵ دنیای دەرەوە ژیانیان دەكرد. كاپیتان كۆك و پیاوەكانی بۆ یەكەم جار ئانفلانزایان بۆ بەدیاری بردن. میوانەكانی دواتریش لە بوخچەكانیاندا نەخۆشیی تیفووس و سوورێژەشیان بۆ بەدیاری هینان. لە ساڵی ١٨٥٣ وە تەنیا ٧٠ هەزار مرۆڤ لەو دووڕگانەدا گیانیان ڕزگار بوو. [٩]

---

[٨] Hugh Thomas, *Die Eroberung Mexikos. Cortés und Montezuma*, Frankfurt am Main ١٩٩٨, S. ٥٩٦–٦٠٠; Rodolfo Acuna-Soto u.a., «Megadrought and Megadeath in ١٦th Century Mexico», in: *Historical Review* ٨:٤ (٢٠٠٢), S. ٣٦٠–٣٦٢; Sherburne F. Cook und Lesley Byrd Simpson, *The Population of Central Mexico in the Sixteenth Century,* Berkeley, CA ١٩٤٨.

[٩] Jared Diamond, Arm und Reich. Die Schicksale menschlicher Gesellschaften, Frankfurt am Main ١٩٩٩, S. ٢٥٦.

تا سەرەتای سەدەی بیستەم ئەو نەخۆشییانە گیانی زیاتر لە دە ملیۆن مرۆڤیان کردە قوربانی خۆیان. لە مانگی ژانویەی ۱۹۱۸ بەهۆی ئانفولانزای سپانیایی هەزاران مرۆڤی سەرباز لە باکووری ئەفریقا گیانی خۆیان لەدەست دا. لەو ناوچە شەڕەدا شەبەکەیەکی بازرگانی لێ پێك هاتبوو کە تا ئەو سەدەمە نەبینرابوو. لە بریتانیای مەزن، ئەمریکا، هیندوستان و ئوسترالیاوە ژمارێکی گەڵێك زۆر مرۆڤ و چەکەمەنی بۆ ئەو ناوچانە بەڕێ کران. ڕۆن لە ڕۆژهەڵاتەوە دەهات، دانەوێڵەکان و گۆشت لە ئارژانتینەوە، کائوچۆ لە نیمچە دوڕگەکانی مالێزیاوە و ماکەی مس لە وڵاتی کۆنگۆوە. لە بەرابەریدا مرۆڤەکان تەنیا ئانفولانزای سپانیاییان پێ دەگەییشت. لە ماوەی چەند مانگدا زیاتر لە نیو ملیارد مرۆڤ واتە یەك لە سێێ حەشیمەتی جیهان نەخۆش کەوتن. لە هیندوستان پینج لە سەدی دانیشتوان واتە ۱۵ ملیۆن کەس بوون بە قوربانی. لە وڵاتی تاهیتی ۱٤ لە سەدی خەڵکی، لە سامۆئا ۲۰ لە سەد و ... ئەو کارە ساتە لە ماوەی نیزیکەی ساڵێکدا لە نێوان ۵۰ تا ۱۰۰ ملیۆن کەسی توونا کرد. بۆ هەڵسەنگاندن لەگەڵ شەڕی یەکەمی جیهانی، لە نێوان ساڵەکانی ۱۹۱٤ تا ۱۹۱۸ نیزیکەی ٤۰ ملیۆن کەس کووژران.[۱۰]

لە ماوەی چەند سەدەی ڕابردووەوە مرۆڤی جیهان بەردەوام لیهاتوویی توشبوون بە نەخۆشییەکانی زۆرتر بۆتەوە چونکە لە لایەکەوە حەشیمەتی ئەم جیهانە بەرەو زۆربوون ڕۆیشتووە و لە لایەکیتریشەوە پەیوەندایەتی نێوانیان و گورجبوونەوەی کەرەسەی سەفەر و هات و چۆکردن بەرز بۆتەوە. بەڵام سەرەڕای ئەوانەش بەهۆی ناسینی نەخۆشییەکان لە لایان زانایانی ئەو بوارەوە و پێشگیریی و واکسن لێدان لە مرۆڤ مردن و تووش بوون بەو نەخۆشییانە بە شێوەیەکی بەرچاو کەم کراونەتەوە.

لە پەنا ئەو چەشن سونامی - نەخۆشییانە کە لای کەم هەر چەند دەیەی جارێك هێرشکاریی خۆیان بۆ سەر کۆمەڵگاکان بەڕێوە بردووە، مرۆڤ لەگەڵ نەخۆشییە

---

[۱۰] Jeffery K. Taubenberger und David M. Morens, «1918 Influenza: The Mother of All Pandemics», in: *Emerging Infectious Diseases* 12:1 (2006), S. 15-22; Niall P. A. S. Johnson und Juergen Mueller, «Updating the Accounts: Global Mortality of the 1918-1920 <Spanish> Influenza Pandemic», in: *Bulletin of the History of Medicine* 76:1 (2002), S. 105-115; Stacey L. Knobler u.a. (Hg.), *The Threat of Pandemic Influenza: Are We Ready? Workshop Summary*, Washington, D. C. 2005, S. 57-110; David van Reybrouck, *Kongo. Eine Geschichte*, Berlin 2012, S. 199; Siddharth Chandra, Goran Kuljanin und Jennifer Wray, «Mortality from the Influenza Pandemic of 1918-1919: The Case of India», in: *Demography* 49:3 (2012), S. 857-865; George C. Kohn, *Encyclopedia of Plague and Pestilence: From Ancient Times to the Present*, 3. Aufl., New York 2008, S. 363.

بچووکەکانیتر بەڵام بە شێوەی بەردەوام دەست و پەنجەیان نەرم کردووە و ملیۆنان قوربانیان داوە. بەتایبەت ئەو منالأنەی کێشەی بەرگریی ئیمەنی لەشیان لاواز بووە کەوتوونەتە بەر هێرشی ئەو نەخۆشییانە و هەر بەو هۆیەشەوە زیاتر ناوی نەخۆشیی منالأنیان لەسەر داناوە. تا سەرەتای سەدەی بیستەم یەك لە سێی منالأن پێش ئەوەی بە تەمەنی میرمنداڵیی بگەن قوربانی ئەو چەشن نەخۆشییانە دەبوون.

بەڵام بە خۆشحاڵییەوە بەهۆی پەرەسەندنی زانستی پزیشکی ئەو چەشن نەخۆشییانە زۆر زوو دەناسرێن و پلەی قوربانیان بە شێوەیەکی سەرسوورِهێنەر کەم بوونەتەوە. ئەمرۆ تەنیا پێنج لە سەدی ئەو منالأنەی هێشتا بە تەمەنی میرمنداڵی نەگەییشتوون، بەهۆی نەخۆشییە جۆراوجۆرەکان گیانیان لە دەست دەدەن. تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ئەو ئامارە لە ژێر یەك لە سەد دایە.[١١] هۆی سەرەکیی ئەو پەرجۆیە دەگەڕێتەوە بۆ پەرەسەندنی زانستی پزیشکی لە سەدەی بیستەمدا کە بە واکسن لێدانی منالأن و بەکارهێنانی ئانتیبیوتیکەکان هەنگاوێکی گەورەیان بەرەو سلأمەتیی هەڵێناوەتەوە. بۆ وێنە ساڵی ١٩٧٩ کۆمپانیایەك سەبارەت بە نەخۆشیی خولێرکە ڕایگەیاند کە زانستی پزیشکی بەسەر ئەو نەخۆشییەدا زاڵ بووە و میکرۆبی ئەو نەخۆشییە لە هەموو ناوچەکانی ئەم جیهانە توونا کراوە. بۆ وەبیر هێنانەوە ساڵی ١٩٥٧ نیزیکەی ١٥ ملیۆن مرۆڤ نەخۆشیی خولێرکەیان گرتبوو و زیاتر لە ٢ ملیۆن کەس گیانیان لەدەست دابوو. بە پێی ئاماری ساڵی ٢٠١٤ تەنانەت تاقە کەسێکیش تووشی ئەو نەخۆشییە نەبوون. ئەو کارە تا ڕادەیەك سەرکەوتووانە بوو کە ئیتر واکسن لێدانی ئەو نەخۆشییە وەستێندراوە.[١٢]

---

[١١] Die Durchschnittswerte für die Jahre zwischen ٢٠٠٥ und ٢٠١٠ lagen bei ٤,٦ Prozent weltweit, ٧,٩ Prozent in Afrika und ٠,٧ Prozent in Europa und Nordamerika. Siehe «Infant Mortality Rate (Both Sexes Combined) by Major Area, Region and Country, ١٩٥٠–٢٠١٠ (Infant Deaths for ١٠٠٠ Live Births), estimates», *World Population Prospects: the 2010 Revision*, UN Department of Economic and Social Affairs, April ٢٠١١, http://esa.un.org/unpd/wpp/Excel-Data/mortality.htm (aufgerufen am ٢٦. Mai ٢٠١٢). Siehe auch Alain Bideau, Bertrand Desjardins und Hector Perez-Brignoli (Hg.), *Infant and Child Mortality in the Past*, Oxford ١٩٩٧; Edward Anthony Wrigley u.a., *English Population History from Family Reconstitution, 1580–1837*, Cambridge ١٩٩٧, S. ٢٩٥ f., ٣٠٣.

[١٢] David A. Koplow, Smallpox: The Fight to Eradicate a Global Scourge, Berkeley, CA ٢٠٠٤; Abdel R. Omran, «The Epidemiological Transition: A Theory of Population Change», in: Milbank Memorial Fund Quarterly ٨٣:٤ (٢٠٠٥), S. ٧٣١-٧٥٧; Thomas McKeown, The Modern Rise of Populations, New York ١٩٧٦; Simon Szreter, Health and Wealth: Studies in History and Policy, Rochester ٢٠٠٥; Roderick Floud u.a., The Changing Body: Health, Nutrition and Human Development in the Western World since ١٧٠٠, New York ٢٠١١;

بەهەر چەند ساڵ جارێك ئێمەی مرۆڤ لە لایەن نەخۆشییەکی نوێ وە شاڵاومان دەکرێتە سەر: ساڵی ٢٠٠٣/٢٠٠٢ نەخۆشیی سارس "SARS"، ساڵی ٢٠٠٥ ئانفوڵانزای باڵندە، ساڵی ٢٠٠٩ / ٢٠١٠ ئانفوڵانزای بەراز و ساڵی ٢٠١٤ ئیبۆلا "Ebola". بەڵام بەهۆی دۆزینەوەی زۆر زووی میکرۆبی ئەو نەخۆشییانە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ سەردەمی پێشوو، مرۆڤێکی کەم گیانی خۆیان لە دەست داوە.

درێژەی هەیە ...

James C. Riley, Rising Life Expectancy: A Global History, New York ٢٠٠١.